مالیکی جەخت لەسەر گرنگی هاوکاری نێوان حکومەتی ناوەندی و ئیدارە خۆجێییەکان دەکاتەوە

ئەمڕۆ یەکشەممە"نوری مالیکی"سەرۆکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا،جەختی کردەوە لەسەر گرنگی تەواوی □□□ی نێوان حکومەتی ناوەندی و ئیدارە خۆجێییەکان بۆ بەدیهێنانی خواستی هاوڵاتیان.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا لە ڕاگەیەندراوێکدا ، کە دەست موت□□ع کەوتووه، تیایدا هاتووە : "نوری مالیکی" سەرۆکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا، ئەمڕۆ لە نووسینگەکەی خۆی و لە دوو دیداری جیاوازدا، پێشوازی کرد لە هەریەک لە پارێزگاری دیالە و پارێزگاری بەسرە.

ڕاگەیەندراوەکە ئاماژەی بەوەشداوە: لە دیدارەکەدا پیرۆزبایی لە یەکتر کراوە بە بۆنەی سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکان و ئەو کەشە ئیجابییەی یاوەری بوو، کە ڕەنگدانەوەی پەرۆشیی هەمووان بوو بە ڕێڕەوی دیموکراسی لە وڵاتدا.

هەر بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە : لە دیدارەکەدا گفتوگۆ کرا لەبارەی ڕەوتی کاری جێبەجێکردن لە هەردوو پارێزگاکە و خستنەڕووی ئەدای فەرمانگە حکومییەکان و پڕۆژە خزمەتگوزاری و گەشەپێدانە بەردەوامەکان، جگە لە تاوتوێکردنی ئەو ئاڵنگارییانەی ڕووبەڕووی ئیدارە خۆجێییەکان دەبنەوە و ڕێگاکانی چارەسەرکردنیان، بەجۆرێک کە زەمانەتی باشترکردنی ئاستی خزمەتگوزارییەکان و بەهێزکردنی سەقامگیری و گەشەپێدان بکات.

ڕاگەیەندراوەکە، ئەوەشی خستەتەڕوو : کە سەرۆکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا پەرۆشیی خۆی دووپات کردەوە بە پشتیوانیکردنی هەوڵە ناوخۆییەکان کە بەشدارن لە پەرەپێدانی پارێزگاکان و بەرزکردنەوەی ئاستی ئەدا.

جەختیشی کردەوە لەسەر گرنگی تەواوکاری ڕۆڵەکان لە نێوان حکومەتی ناوەندی و ئیدارە خۆجێییەکان بۆ بەدیهێنانی خواستی هاوڵاتیان.

لەلایەن خۆیانەوە هەردوو پارێزگار، کورتیان پێشکەش کرد سەبارەت بە واقیعی کارکردن لە پارێزگاکانیاندا و ستایشی پەیوەندی و ئەو پشتیوانییەیان کرد کە بەدەستی دەهێنن لەپێناو بەرەوپێشبردنی کاری خزمەتگوزاری و جێبەجێکردن.